# ڕووسیاو ئەمریکا بەرەو شەڕێکی ساردی دیکە دەڕۆن!



هەفتەی ڕابردوو سەرچاوەی هەواڵی **سی ئێن ئێن** بڵاوی کردەوە کە جێگری سەرۆکی ئەمریکا دیک چینی ڕەخنەی لە حکومەتی ڕووسیا گرتووەو گوتەیەتی: 'ئەو چەکانەی ڕوسیا بە ئێران و سووریای دەفرۆشێ، دەگاتە دەست حیزبوڵڵای لوبنان و تیرۆرستانی عێراق و ئەم کارەش بەئاگادارییەوە دەکات'

پێوەندی نێوان ڕووسیاو ئەمریکا بەهۆی کێشەی گورجستانەوە ئاڵۆزبووە، هەربۆیەش جێگری سەرۆکی ئەمریکا بەزمانێکی توند ڕەخنەی لە ڕووسیای گرتووەو گوتویەتی: 'ڕوسیا لەشەری گورجستان دا شەری لە هەمبەر دیموکراسی کردووە و مافی مرۆڤی پێشێل کردووە'

دیک چینی بەوەشەوە نەوەستاوەو گوتویەتی: 'ڕووسیا بە بەفرۆشتنی چەک، ئاشتی و ئازادی و تەناهی لە ڕۆژهەلاتی ناڤین دەخاتە مەترسیەوە، چونکە ئەو چەکانەی ڕووسیا دەیفرۆشێتە ئێران و سوریا بە ئاسانی رادەستی حیزبوڵڵای لبنان و تیرۆرستانی عێراق دەکرێن، ئەم کارەش بەئاگاییەوە دەکرێ'

گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان ڕووسیاو ئەمریکا ڕۆژ دوای ڕۆژ شێوازی نوێ بەخۆیەوە دەبینێ، ئەگەر لە ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا هەوڵی پێگەی موشەکی دوورهاوێژی لەوڵاتانی هاوسێی ڕووسیا دەدا، ئەوە ئێستا ڕووسیا هەوڵی جێگیرکردنی هێزەکانی خۆی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی دەدات. بەتایبەتیش کە ئێستا هەردوو وڵاتی ڕووسیاو فەنزویلا ڕێککەوتوون تا مانۆڕێکی سەربازی هاوبەش لە نێو خاک و ئاوی فەنزویلا ئەنجام بدەن، ئەمەش بەو واتایەیە کە ڕووسیا بەرەو ئەمریکای لاتین دەکشێ، بەوهۆیەشەوە چەندین کەشتی دەریایی و دوو فڕۆکەی مەزن و مۆدێرنی خۆی بەرەو ئەو وڵاتە ڕەوانە کردووە، ئەمریکا نیگەرانی خۆی پێشان داوەو گومانی ئەوەی کردووە کە موشەکی نیوکلیاریان هەڵگرتبێ، بەڵام ڕووسیا لەلایەن خۆیەوە ئەوەی ڕەتکردۆتەوەو ڕایگەیاندووە کە هیچ پێگەیەکی سەربازی ڕووسی لە ئەمریکای لاتین نیەو بەپێی ڕێککەوتنێکی پێشوەخت ئەو فڕۆکانە بۆیان هەیە لە فرگەیەکی سەربازی فەنزویلا بنیشنەوە، پاشان مانۆڕێک لەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و دەریای کاریبی ئەنجام دەدەن و چاودێری کەشتیەکان دەکەن، دواییش بۆ ڕووسیا دەگەڕێنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی پێنج شەممە ١١-٩-٢٠٠٨ دیمتری مێدڤیدیڤ سەرۆکی ڕووسیا بەبیانۆی بەرگرتن لە هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکان جەختی لەسەر نۆژەنکردنەوەی چەکەکان کردەوەو داوایشی لە ئەمریکا کرد کە بۆ شەڕی دژە تیرۆر هاوکاری لەگەڵ ڕووسیادا بکات و پەنا بۆ سیستەمە گەندەڵەکان نەبات. هەر ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو فلادیمێر پۆتینی سەرۆکوەزیرانی ڕووسیا دڵنەوایی بە دراوسێکانی وڵاتەکەی داو ڕایگەیاند کە ڕووسیا نیازی ئیمپریالیزمی نیەو هیچ هەڕەشەیەکیش لە سەر وڵاتانی دراوسێی دروست ناکات.

ڕابوونەوەی ڕووسیا لەبەرانبەر ئەمریکا لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ، هەندێک لە چاودێرانی سیاسی بۆ کەمکردنەوەی لەخۆبایبوونی ئەمریکا بە هەنگاوێکی باش و ئەرێنی دادەنێن، هەندێکی دیکەش بە سەرەتای دەستپێکردنەوەی ماڵوێرانیەکانی سەردەمی شەڕی سارد پێوانەی دەکەن و جەخت دەکەنەوە کە شەڕی سارد لە بەرژەوەندی گەلان و وڵاتانی جیهان دانیە، تەنیا زلهێزەکان تێیدا سوودمەند دەبن.

ڕاستیەکەی هەریەکە لە ڕووسیاو ئەمریکا لەهەمبەر یەکدیدا یاری بە کارتی گوشارەکان دەکەن، ئەمریکا بۆ پینەکردنی شکستەکانی خۆی کە ئەفغانستان و عێراق دەیەوێ پەل و پۆ بۆ قەفقاز بهاوێژێ و بازنەی گەمارو بە دەورەی ڕووسیا توندتر بکاتەوە، هەرچی ڕووسیاشە کە بە ورچە نووستوەکە ناودەبرێ، ئامادەنیە قەڵەمرەوەکەی بەرتەسک بکرێتەوەو خۆی دەنێو بازنەیەکی ئەستوورو داخراودا ببینێتەوە، بەوهۆیەشەوە یاری بە کارتەکان دەکات، لەلایەکەوە خاڵی لاوازی ئەمریکا دەستنیشان دەکات و بۆ پاشەکشە پێکردنی هەنگاو دەهاوێژێ، لەلایەکی دیکەشەوە وڵاتانی دیکەی لێهان دەدات و دەیەوێ لە هەموو کیشوەرەکانەوە دژایەتی بۆ ئەمریکا دروست بکات. ئەگەر لە کیشوەری ئاسیادا ئێران و کۆریای باکورو سین و هندستان لاملی لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن و خۆیان ڕادەست ناکەن، ئەوە ڕووسیا بەهەموو تواناکەوە پشتیوانیان لێدەکات و هانیشیان دەدات تا درێژە بە بەرخۆدان و بەربەرەکانێ بدەن، لە ئەمریکای لاتینیشدا پێوەندیەکانی خۆی دەگەڵ فەنزویلاو بۆلیڤیا و کوبادا خۆشتر کردووە، ئەو وڵاتانەش خۆبەخۆ ناحەزیان دەگەڵ ئەمریکادا هەیەو چاویان لە پشتیوانی ڕووسیاو وڵاتانی دیکەی ناحەزی ئەمریکا بڕیوە، بەوهۆیەشەوە ئێستا پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و فەنزویلاو بۆلیڤیادا دروست بووە. ئەمانەش ئاکامی ئەو ململانێیە شاراوەیە کە لەنێوان ڕووسیاو ئەمریکا هەبووە، ئێستاش بەرەو شەڕێکی ساردی دیکە دەڕۆن.

**سەربەست کانەبی**

# بەرلەوەی دیکتاتۆریەت بمانهاڕێتەوە با بانگی سەربەخۆیی بدەین

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

**ستەمدیدەو سەربەخۆخوازن!**

وێڕای ئەوەی کە ٥ ساڵ بەسەر ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتی بەعس تێپەڕیوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەش لێبراوانە بانگەشەی بنیاتنانی نیشتمانێکی وەکهەڤ و دیموکراس و فیدراڵ کراوە، کەچی هێشتا لۆژیکی دیکتاتۆریی فەرمانڕەوایە، دەستەڵاتدارانی بەغداد خۆیان لەو ڕاستیە دەدزنەوە کە عێراق لە دوو نیشتمانی کوردستان و عەرەبستان پێکهاتووە، بە لۆژیکی ڕەگەزپەرستانە بەرسڤی نیازپاکی کوردستانیان دەدەنەوە، حکومەتی بەغداد پرنسیپی هاوپشکی پەسند ناکات و یاری کات کوشتن لەبەرانبەر گەلی کوردستان بەڕێوەدەبات، نە هەنگاوی کردەیی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەڵدەگرێتەوە، نە کاریش بۆ سڕینەوەی پرۆسەی بەعەرەبکردن دەکات، کەچی بەپێچەوانەوە، ڕاشکاوانە هەوڵی چەسپاندنی ماددەی ٢٤ دەدات و دەیەوێ کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان بۆ ناوەند مسۆگەر بکات، بۆ بچووک کردنەوەی دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان پیلانگێڕی دەکات و هاوهەنگی و هاوکاری لەگەڵ داگیرکەران درێژە پێدەدات، خۆی بۆ پەلاماردانی خانەقین و شارەکانی دیکەی کوردستان مۆڵداوە، بەوهۆیەشەوە ڕووی ڕاستینی خۆی بەدیارخستووە، مەیلی دیکتاتۆریەتی بزواوەو دەیەوێ ڕێککەوتنەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستان پێشێل بکات، لەبەڵێنەکانی خۆی پەشیمان بۆتەوەو دەیەوێ زمانی هێز سەرپشک بکاتەوە، لەم پێوەندەدا ئێمە لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا زۆر بەتووندی ڕەفتارەکانی حکومەتی بەغداد لە قاودەدەین و لۆژیکی ڕەگەزپەرستی و دیکتاتۆریی ڕەت دەکەینەوە، دڵنیاشین کە کوردستانیان دەستەڵاتی دیکتاتۆرێکی دیکە پەسند ناکەن، لەم سۆنگەیەشەوە داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەین کە کارتی سوور لەبەرانبەر گوشار و پیلانەکانی بەغداد بەرز بکتەوە، ئەگەر حکومەتی بەغداد پاشەکشە نەکات و واز لە مەیلی دیکتاتۆریی نەهێنێ، لەهەنگاوی یەکەمدا لە کابینەی نوری مالکی بکشێتەوەو حکومەتەکەی هەرەس پێبێنێ، چالاکی دیبلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی جیهان کارا بکات و هێزو توانای کوردستانیان لەپێناو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دەکار بکات. ئێمە پێمانوایە ئەگەر دەمانەوێ دیکتاتۆریەت نەمانهاڕێتەوە، دەبێ بانگی سەربەخۆیی بدەین و دەوڵەتی کوردستان پێکبهێنین و ئاواتەکانی گەلەکەمان بەدی بهێنین.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**١١- ٩- ٢٠٠٨**

# DTP هەڵمەتی زمان بەرەو پەرلەمان دەبات

جێگری سەرۆکی گشتی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، کامەران یوکسەل ڕایگەیاند کە ئیدی پەرلەمانتارانی پارتەکەی لە چوارچێوەی هەڵمەتی 'پەروەردە بە زمانی دایک' ئەوان بڕیاریان داوە کە لەنێو پەرلەمانی تورکیادا بە کوردی بدوێن و وتار بدەن.

وەک دەزانرێ لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا لە چەند شارێکی باکوری کوردستاندا لەچوارچێوەی هەڵمەتی 'پەروەردە بە زمانی دایک' ڕێپێوان و خۆپێشاندان بەڕێوەچوو، بڕیاروایە ئەو هەڵمەتە تا مانگی داهاتوو درێژە بکێشێ. بڕیار وایە خۆپێشاندان، نەچوونە فێرگەکان و خوێندی وانەی کوردی لە کۆڵانەکاندا بەردەوام بێ. لەم بەستێنەدا جێگری سکرتێری گشتی ڕایگەیاندووە کە ئەوان هەڵمەتەکە دەبەنە پەرلەمانی تورکیاو لەوێ بە کوردی دەپەیڤن، ئەمەش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرایەو بەئاسانی لەلایەن تورکە ڕەگەزپەرستەکانەوە پەسند ناکرێ.

کاتژمێر ١٣ی ڕۆژی ٩-٩-٢٠٠٨ لەبەردەم ئاوایی ماڵی گەل کە بەماڵی موسا عەنتەر دەناسرێ، لە شاری **ئێلهێ** خۆپێشاندانێک بەمەبەستی هەڵمەتی پەروەردە بەزمانی دایک ڕێکخرا و تا ئێواری هەمان ڕۆژ درێژەی کێشا، لەو خۆپێشاندانەدا سیاسەتمەداری ناسراوی گەلەکەمان لەیلا زانا، پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی تورکیا بەشداری تێداکردو بۆ خۆپێشاندەران دوا. لەیلا زانا گوتی: 'زمان وەک نان و ئاو وایە، ئەگەر تۆ زمانت نەبێ، ئەو زەویەشت نیە لەسەر بژی' لەیلا زانا لە درێژەی قسەکانی خۆیدا گوتی: 'بۆ ئەوەی هەبوونی خۆمان بسەلمێنین پێویستمان بە زمان هەیە، ئەو ڕۆژنامانەی تورک، ئەو تەلەفزیۆنانەی تورک ئەگەر بایەخ بە زمانی کوردی نەدەن، نەیانخوێننەوەو تەماشایان مەکەن'

لەتەک لەیلا زانادا، ئەیال ئەکات عەتا نوێنەری باتمان لە پەرلەمانی تورکیا بەشداری لە خۆپێشاندانەکە کردو گوتی: ' زمانی ئێمە ڕومەتی ئێمەیە، گەلی بێ زمان، بێ مێژووە، ئیدی بەسە، دەبێ کۆتایی بە گوشار لەسەر زمانی کوردی بهێنرێ' هەروەها بەنگین یلدز پەرلەمانتارێکی دیکەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک لەو خۆپێشاندانەدا ڕای خۆی دیارکردو گوتی: ' دەبێ لە ئێستا بە دواوە، پەرلەمانتارو شارەدارەکانی ئێمە لەهەر شوێنێکدا جگە لە کوردی بەهیچ زمانی دیکە نەدوێن'

بێگومان پەرلەمانتارانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک خۆیان بۆ هەر باج و قوربانیدانێک ئامادە کردووە، دەشزانن کە لەیلا زاناو خەتیب دیجلەو هاوڕێکانیان لەبەر ئەوەی بە کوردی قسەیان کردبوو، دادگەیی کران و زیندانی کران، بەڵام ئەوان بۆ سەڵماندنی زمانی خۆیان دەیانەوێ شوێن پێی ئەوان هەڵبگرنەوەو لەنێو پەرلەمانی تورکیادا بە کوردی بپەیڤن، ئەمەش شێوازێکی دیکەی خەباتی خەڵکی کوردستانەو دەیانەوێ پارێزگاری و داکۆکی لە زمانی دایکیان بکەن و چیتر بەژێردەستەیی نەیهێڵنەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی خەباتی هاوچەرخەوە سەیری ئەو هەڵمەتەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک بکەین، بۆمان دەردەکەوی کە ڕێگەیەکی کورت و ئاکامێکی باش چاوەڕوانیان دەکات، تەواو لەبەرژەوەندی کێشەی گەلی کوردستان دایە، چونکە یەکێتی ئەوروپاو ڕێکخراوە جیهانیەکان جەخت لەسەر مافی پەیڤین بە زمانی دایک دەکەنەوە، ئەگەر کوری باکوریش ڕێگەیان بدرێ بە زمانی خۆیان بدوێن، بخوێنن و بنووسن، ئیدی دەرگە بەرووی دۆزەکەیان دەکرێتەوەو بەرەو بەجیهانیبوونێکی ڕاستین دەڕوات، بەتایبەتیش ئەمە لەکاتێکدایە کە یەکێتی ئەوروپا مەرجی بەرئەندامبوونی تورکیای لە یەکێتیەکەدا بە بەرفراوانکردنی ئازادی و دیموکراتیزەکردن گرێداوە. ئەگەر پەرلەمانتارانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک هەڵمەتی زمان بەرەو پەرلەمان ببەن، کێشەیەکی گەورە بۆ تورکیا دروست دەکەن و ئەنکارا لەنێوان بەرداشی تورکە ڕەگەزپەرستەکان و یەکێتی ئەوروپا ڕادەگرن، بەوهۆیەشەوە کورد براوە دەبێ.




**ئاکۆ مەجید**

# هەموو تواناکان لەپێناو پاراستنی خانەقین

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

**سەربەخۆخوازان و وڵاتپارێزان!**

دوای ئەوەی کە دانیشتووانی شاری خانەقین لەدژی ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕاوەستان و داوای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیان کرد، حکومەتی بەغداد ویستی سوپا ڕەفتار ئاساکەی بەعس بەبیانۆی ئۆپەراسیۆنی سەربازی ڕەوانەی شاری خانەقین بکاتەوە، ترس و تۆقاندن بۆ دانیشتووانی شارەکە بگێڕێتەوە، وێڕای ئەوەی کە نیشتمانپەروەرانی شارەکە بە خۆپێشاندان و ڕێپێوان هاتنی هێزەکانی سوپای عێراقیان پرۆتستۆ کردوەو لە سەرۆک وەزیرانیان خواستووە کە شارەکەیان ئارامە و لە ڕابردوودا هێزی پێشمەرگە پارێزگاری لەوان کردووەو ئێستاش پێویستیان بە سەربازی عێراقی نیە، کەچی سوپای عێراق ڕەگەزپەرستانە ڕەفتار دەکات، هەم گوێ لە داخوازی دانیشتووانی شارەکە ناگرێ، هەم دەیەوێ بە هێز بۆ شاری خانەقین بگەڕێتەوەو پرۆسەی بە عەرەبکردن درێژە پێبدات، هەر بۆیە ئێمە لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا زۆر بە توندی بڕیاری سەرۆک وەزیرانی عێراق و ڕەفتاری سوپاکەی پرۆتستۆو ڕیسوا دەکەین، پشتیوانی لە داخوازی دانیشتووانی شاری خانەقین دەکەین و دەخوازین کە هەموو هێزو تواناکانی کوردستانیان لەپێناو پاراستنی شاری خانەقین دەکار بکرێ.

حزبی ڕزگاریی کوردستان لەکاتێکدا کە پشتیوانی لەهەر هەوڵێک بۆ ڕێگری لە هاتنەوەی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ ناو شاری خانەقین دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئامادەیی خۆی بۆ هەر داکۆکی و پارێزگارییێک ڕادەگەیەنێ، سڵاو و دەستخۆشیش لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات کە بۆ بەرگری کردن لە خانەقین و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە ڕووبەڕووی سوپای عێراق سەنگەری گرتووە. حزبی ڕزگاریی کوردستان پێیوایە کە ڕەوانەکردنی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ خانەقین پلانێکی ڕەگەزپەرستانەیەو وەک کارتێکی گوشار دژ بە سەرکردایەتی کوردستان و گەلەکەی دەکار دەکرێ، بەڵام ئەگەر هێزو توانای کوردستانیان کۆ بکرێتەوە سەر یەک، دەتوانرێ هەموو پیلانەکانی ناحەزان پوچەڵ بکرێنەوە. بەوهۆیەوە داوا لە هێزو لایەنە سیاسیەکان و تێکڕای کوردستانیان دەکات کە هاوهەڵوێستی بنوێنن و ڕێگە نەدەن کە جارێکی دیکە سوپای داگیرکەر بۆ شارەکانی کوردستان بگەڕێتەوە.

سەرکەوێ ئیرادەی گەلی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**٢- ٩- ٢٠٠٨**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com